وەڵامێك بۆ

مەدخەلیەکی داماو

دەڵێت ئەوانەی ئەڵێن هەرکەس حوکم بە قورئان نەکات
کافرە کەواتا زیناکاریش بە کافر بزانن چونکە حوکمی بە
فەرمانی الله نەکردووە

نووسەر :
ماmۆستا ئوسامە تەوحیدی شارەزووری
ئامەدەکردنی: الحق

بسم الله الرحمن الرحيم

وەڵامێك بـــۆ

مەدخەلیـەکی داماو

نووسەر :

ماMۆستـا ئـوسامە تـەوحیدی (شارەزووری)

حفظه الله تعالی

AL HAQQ

-١٤٤٧ک-

وەڵامـێک بۆ مەدخەلیـەکی داماو پۆستێکی کـردووە ئەڵێت ئەوانەی ئەڵێن هەرکەس حوکم بـەقورئان نەکات کـافرە کەواتا زیناکاریش بەکافر بزانن چونکە حوکمی بەفەرمانی الله نەکـردووە

لە وەڵامـدا ئەڵێم سەرەتا لە پۆستەکەی نوسینی (انشاء الله) کوفرە تۆ کەهێشتا نازانیت بنوسیت (ان شاء الله) ئیتر چۆن یەیت باسی بابەتی عەقیدەی بۆ خەڵـک ئەکەیت ! لە کاتێکدا دووجار نوسیوتە انشاء الله گەر یەکجاریش بوایە عوزرمان ئەیایتێ بـەڵام کە دووجار لەسەر یەک وات نوسیوە دیـارە هێشتا نازانیت انشاء الله مانای چیە و ان شاء الله ـش مانای چیە

– دوواتر بـۆ وەڵامی قسەکەشت کە ئەڵێیت کەسێ زینا بکات حوکمی بە قورئان نەکردووە ئەگەر ڕاستەکەن حوکم نەکردن بە قورئان کـوفرە تەکفیری زیناکاریش بکەن !

ئەم گومـانەت لاوازترە لەماڵی جاڵجاڵـۆکە وەڵامـی ئەم گومـانەش ئاسانترە لە ئاوخواردنەوە پشتیوان بە الله تعالـی ئەڵێم لەوەڵام ـی ئەم شوبهەیە موناسڕان پێت ئەڵێین ئێمە نەمان وتوە هەموو حوکم نەکـردنێ بە قورئان مرۆڤ لە ئیسلام دەرئـەکات بەڵـکو تەفسیلی تێدایە بە درێژایی بـاسی ئەکەین .

– ئەوەی ئێـمە تەکـفیری لەسەر دەکەیـن حوکم نەکـردنە بە تەوحیـد ـی الله (سەرنج بەن حوکم نەکـردن بەشەرعی الله تعالی لە تەوحید) وە ئەو قسەیەش کەتۆ کـردت تارەدی ئێمەی پێ بەیتەوە هەمان قسەی خەواریجەکـانە چونکە خەواریجەکان پێیان وابوو هەرکەسێ تاوانێ بکات ئەوا حوکم ـی بە غەیری ما انزل الله کـردووە !

شێخ سلیمان ال الشیخ ئەفەرموێت :

(وقد جنح الخوارج إلى العموم لظاهر الآية، وقالوا: إنها نص في أن كل من حكم بغير ما أنزل الله فهو كافر، وكل من أذنب فقد حكم بغير ما أنزل الله؛ فوجب أن يكون كافراً. وقد انعقد إجماع أهل السنة والجماعة على خلافهم. ونحن لم نكفر إلا من لم يحكم بما أنزل الله من التوحيد، بل حكم بضده، وفعل الشرك، ووالى أهله، وظاهرهُم على الموحدين) [التوضيح عن توحيد الخلاق في جواب أهل العراق: ص141]

واتـا : خەواریجەکان وا لـەم ئایەتە تێگەشتبون ئەیانگوت هەرکەسێ حوکم بە غیری ماانزل الله بکات کافرە وە هەرکەسێ تـاوانێ بکات ئەوا حوکمی بە غیری ماانزل الله کردووە بۆیە کافر ئەبێت بەڵام ئەهلی سونەت بە پێچەوانەی خەوارجەوە ئیجماع یان هەیە کە ئێـمە کەس تەکفیرناکەین ئیلا ئەوانە نەبێت کە حوکم بماانزل الله ناکەن لە تەوحید و حوکم بەشیرک و کوفر دەکەن و دۆستایەتی موشریکان دەکەن وسەریان دەخەن بەسەر موسڵمانان.

کەواتا حکم بغیر ماانزل الله لەلای خەوارج بریتیە لە زیناکردن و دزیکردن و ئارەق خواردنەوە هەر بۆیەش موسڵمان بەو تاوانانە کافرنابێت و ئایتەکە نایگرێتەوە چونکە ئایەتی (ومن لم يحكم بماانزل الله) مەبەست پێی حوکم کردن ـە بە کوفر وشەریکدانانە بۆ الله لەحاکمیەتدا بە بەڵگەی ئایەتی : (أَمْ لَهُمْ شُرَكَاءُ شَرَعُوا لَهُم مِّنَ الدِّينِ مَا لَمْ يَأْذَن بِهِ اللَّهُ ۚ) [الشورى : ٢١] واتـا : ئاخۆ ئەوانە چەند هاوبەشێک بۆ الله دادەنێن بەوەی چەند یاساو بەرنامەیەکیان بۆ داهێنابن بۆخەڵکیان کردووە بەبەرنامە کە بە هیچ شێوەیە الله مۆڵەتی نەدابن.

وشــــەی [الدين] واتا حوکم و بەرنامە وەک ابن عباس واتەفسیری کردووە ئیمام طبری لە تەفسیری [فما يكذبك بعد بالدين] ـدەفەرموێت : (ذكر من قال ذلك: حدثني محمد بن سعد، قال: ثني أبي، قال: ثني عمي، قال: ثني أبي، عن أبيه، عن ابن عباس: (فَمَا يُكَذِّبُكَ بَعْدُ بِالدِّينِ) يقول: ما يكذّبك بحكم الله)

واتا : چی وات لێدەکات کـافربیت بە حوکمی الله.

کەواتـــە کەسێ ڕیش ئەتاشێ یان حجاب ناکات ئێمە تەکفیری ناکەین چونکە ئەمە حوکم کردن نیە بەکوفر وئەم سەرپێچیکردنە مەعصیەتە و نەگەشتۆتە سنوری کوفر و شیرک و شەریکدانان نیە بۆ الله وحوکم کـردن نیە بە حوکمی کوفر بەڵکو ئێـمە "قسەمان لەسەر ئەو کاربەدەستانەکردووە کە کار بەتەوحید ناکەن واتـا ناڵێن الله تاک وتەنهایـە لە یاساداناندا" بـەڵکو ئەڵێن تەشریع و یاسادانان مافی غەیری الله یە وگەل و پەرلەمان بۆیان هەیە یـاسا بۆ خەڵکی دانێن وحەڵاڵ وحەرام بۆخەڵکی دیاری بکەن لە کـاتێکدا یاسادانان و حەڵاڵ وحەرام ـدانان تەنها مـافی الله یە هەروەکچۆن عیبادەت مافی الله یە نابێت بۆ غەیری الله هیچ عیبادەتێ بکەیت بەهەمان شێوە "یـاسادانان تەنها مافی الله یە هەرکەسـێ ئەم مافەی الله بات بەکەسێ تر ئەوا الله ی بەتاکڕانەگرتوە و شەریکی بۆالله ـداناوە و حوکمی بـەتەوحید نەکـردووە"

شێخ محمد امین شەنقیطی رحمه الله خاوەن تەفسیری أضواء البيان ئەفەرموێت :

(أن الشرك بالله فى حكمه والإشراك به فى عبادته كلها معنى واحد لا فرق بينهما البتة فالذى يتبع نظاما غير نظام الله وتشريعا غير تشريع الله - أو غير ما شرعه الله وقانونا مخالفا لشرع الله من وضع البشر من يفعل هذا هو ومن كان يعبد الصنم ويسجد للوثن

لا فرق بينهما البتة بوجه من الوجوه، فهما واحد، كلاهما مشرك بالله، هذا أشرك به في عبادته، وهذا أشرك به في حكمه، كلاهما سواء)

واتـا : شەریـکدانان بۆ الله لە حوکمـدا و شەریکدانان بۆی لە عیبادەتـ دا هەردووکی بەیـەک واتا دێت و هیچ جیاوازیەکیان لەنێواندا نیـە ئەوکەسـەی شوێن سیستەمێ ئەکەوێت کە غەیری بەرنامەکەی الله تـعالی ـە شوێن یاسایـەک ئەکەووێت غەیری یاسای الله تـعالی ـە شوێن قانونێـک ئەکەوێت کە پێچەوانەی شەرعی الله یە و مرۆڤ دایهێناوە ئەوەی ئەم کارە ئەکـات وە ئەو کەسەشی بت ئەپەرستێ و سوجدە بۆبتێ ئەبـات هیچیان جیاوازیـان نیە بەهیچ شێوەیـەک لە شێوەکـان هەردووکیـان یـەک شتن هەردووکیان موشـریکن یـەکیان شەریکی بۆ الله بڕیار یـاوە لە عیبادەت یـەکیان شەریـکی بۆ الله بڕیار یاوە لە حوکمیدا هەردووکیان یـەکسانن.

– (کەواتـا هەرکەسێ لەگەڵ الله کەسێ تر بکات بە یاسادانەر و موشەریع ئەوا حوکمی بە تـەوحیدی الله نەکردوە لە تـشریع ـدا و شەریـکی بۆ الله داناوە) لە قورئـانـدا الله ڕونیـکردۆتـەوە کەهەرکەسێ لە جیاتی وەرگرتـنی یـاساکانی الله تـعالی بچێت خۆی یاسا بۆ خەڵـک دابنێت بە هەواو هەوەسی خۆی حەڵاڵەکـانی الله قەدەغە بکات و قەدەغەکانـی الله حەڵاڵ بـکات ئەوا الله ناوی ئەم کەسـانەی بەوە بردوە کـە خۆیان کردوە بـەخوا بەسەرخەڵکەوە قال تـعالی: { اتَّخَذُوا أَحْبَارَهُمْ وَرُهْبَانَهُمْ أَرْبَابًا مِنْ دُونِ اللَّهِ وَالْمَسِيحَ ابْنَ مَرْيَمَ وَمَا أُمِــرُوا إِلاَّ لِيَعْبُدُوا إِلَهًا وَاحِدًا لاَ إِلَهَ إِلاَّ هُــوَ سُبْحَانَهُ عَمَّا يُشْرِكُــونَ } [التوبة :31] جولەکە وگاورەکان زاناکان وعـابدەکانیان کردبوو بەپەروەردگاری خۆیـان لەجیاتی الله ئەوانیان ئەپەرسـت وە هەروەها مەسیح ـی کـوڕی مەریەمیانیش ئەپەرست لــەکاتێکدا

فەرمانیان پێکرابوو تەنها الله بپـەرست بەتاکـ وتەنها و هیچ پەرستراوێ بەهەق نیە ئیلا الله نەبێت پاکـ وبێ گەردی لەوەی هاوبەشی بۆ دادەنێن.

قال تعالی: {وَلاَ يُشْرِكُ فِي حُكْمِهِ أَحَدًا }[الكهف: 26] واتــە الله تعالی هیچ هاوبەشـێکی نیە لەحوکم ویــاساکانیدا

– هەروەکـ چۆن خەڵق وبەدیهێنانی مەخلوقــات تەنها کاری الله یـە ئەواش بڕیار ویــاسا دەرکردن تەنها مافی الله یە قال الله سبحان وتـعــالی { أَلاَ لَهُ الْخَلْقُ وَالأَمْرُ تَبَارَكَ اللَّهُ رَبُّ الْعَالَمِينَ } [الاعراف :54]. واتــا : چاکـبزانن دروستکردن و فەرمان دەرکـردن تـەنها بۆ الله یـە تــبارکـ وتعالی کـەپەروەردگاری هەموو جیهانیانە

کەواتــا لێرەوە تێگەشـتین (سیستەمی تەشریعی پەرلەمان دژی تەوحیـدی الله) یە لە حوکم ـدا وە ئەو دەسەڵاتدارەش کە حوکم ـی یاسادانەرەکان ئەخاتە پێش حوکم ـی الله حەڵاڵ ـی الله بەیاسا حەرام دەکات وحەرام ـی الله بەیاسا حەڵاڵ دەکات وسزا شەرعیەکان دەگۆڕێت بە دەقی ئایەت فەرمووده ئەم حاکمە یاسادانەرەکەی کـردووە بە خوای خۆی چونکە یاسای لــــەغیری الله وەرگرتووە بەو کــــارە دەبێت بــــەمووشریک.

قال تعالی: { وَإِنْ أَطَعْتُمُوهُمْ إِنَّكُمْ لَمُشْرِكُونَ } [الأنعام: 121] واتـا : ئەگەر گوێڕایەڵی موشـریکان بکەن ئێوەش بەوهۆیەوە دەبن بەموشریک

کەواتــا جیاوازی نێوان کەسانی تاوان بار لەگەڵ طاغوتەکان ئەمەیە

١- کەسی تاوان بار سەرپێچی فەرمانی الله ـی کردووە خۆی نە کردۆتە شەریکی الله و تـایبەتمەندی الله ـی بۆ خۆی نەبردووە.

٢- بەڵام طاغوتەکان کار بەتاکڕاگرتنی الله ناکەن لە تشریع و یاسادانانیدا وە تایبەتمەندی الله کەبریتیە لەیاسادانان ئەیەنە پاڵ خۆیان و غەیری خۆشیان بۆیە طاغوتەکان کـافرن چونکە حوکم بە تەوحید ناکەن واتە الله بەتاکڕاناگرن لە حوکم ـدا

کەسانی تاوانبار بۆیە کافرنین چونکە کاربەتەوحیدی الله دەکەن و تەنها بڕیار لە الله وەردەگرن بەڵام سەرپێچی لە بڕیارەکەی الله دەکەن بەبێ ئەوەی خۆیان بکەن بە شەریکی الله لە بڕیاردەرکردن و بەبێ ئەوەی بڕیارەکانی الله ڕەدبکەنەوە یـــاخود بیگۆڕن – کەواتە جیاوازیەکە ڕوونە والحمدلله

الحمد لله رب العالمين

اللَّهُمَّ صَلِّ عَلَى مُحَمَّدٍ وَعَلَى آلِ مُحَمَّدٍ

١٤٤٧ هـ